**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)ی ماددە (56)ی یاسای ژمارە(1)ی سالّی 1992ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (34)ی رۆژی 2007/12/12یدا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرچوواند:

## یاسای ژمارە( 36 )ی ساڵی / 2007

## یاسای کارپێکردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

یاسای فیدرالّی هاتوچۆی ژمارە(86)ی سالّی 2004 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەخرێتەکارو کار بە حوکمەکانی دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەلاّتە تایبەتمەندەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراقدا شوێنی دەستەلاّتە فیدارالّیەکان لە هەر جێیەك لە یاسای ناوبراودا هاتبێ دەگرنەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یاسای رێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆی ژمارە (4)ی سالّی 2000 و یاسای ژمارە (27)ی سالّی 2004 کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیرقەوە دەرچوون، هەلّدەوەشێنەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان برِیارێك ناکرێ گەر لەگەلّ حوکمەکانی ئەم یاساییەدا ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەربوونی سی رۆژ بە سەر بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

## ـ هۆیه پێویستیەكان ـ

بەمەبەستی یەكخستنی رێكارە یاساییەكان لە بارەی یاساو رێسای هاتووچۆ و غەرامەكان لـە كوردسـتان و وای لێ بكرێ گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی لە حكومەتی فیدراڵ كاری پێ دەكرێ و بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی یاسای هاتووچۆی ژمـارە (48)ی سـاڵی 1971و هـەمواركراوەكانی و لـە پێنـاوی پێـدانی شـەرعییەت بەجێبەجێ كردنی یاسای ژمارە(86)ی سـاڵی 2004 لـە جیـاتی هـەموو یاسـا جێبـەجێ كراوەكـان لـە هەرێمدا لە بارەیەوە،ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

**تێبینی: ئـەم یاسـەیە بـەبڕیاری ژمـارە ( 2 ) ی سـاڵی 2008 لەلایـەن بـەڕیز سـەرۆكی هـەرێمی كوردستانەوە دەرچوێنرا**